# ئاسۆی نەزار خەزرەجی لە بەندینخانەکانی دانمارك !! یان حکومەتی ئایندەیی عێراق

## کۆمیتەی خستنەگڕی هەوڵەکان بۆ دادگایي کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی - دانمارك

٢٠٠٣|٣|٢٥



بزر بوونی لە ناکاوی نەزار خەزرەجی و بڵاوبونەوەی ئەو هەواڵە سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٣\٣\١٧ شەپۆلێك گومان و پرسیاری لە بەرانبەر حکومەتی دانمارك دروست کرد، Soren Sondergaard سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لە پەرلەمانی دانمارك ڕەخنەیی توندی ئاراستەی حکومەت کرد و ووتی : حکومەتێك نەتوانێت کەسێکی وەکو نەزار خەزرەجی کۆنترۆڵ بکات، کە لە ژێر چاودێری پۆلیسدا بوو، چۆن دەتوانین پشتی پێببەستین کە لە هێرش و پەلاماری تێرۆریستان بمانپارێزێت !
لە وەڵام و کاردانەوەیی حکومەتی دانمارك بەرانبەر بزر بوونی نەزرا خەزرەجی، سەرەك وەزیرانی دانمارك ئەنەس غاسمسۆن ووتی نیگەرانم بەرانبەر بزر بوونی نەزرا خەزرەجی لە کاتێکدا لە ژێر چاودێری پۆلیسدا بوو.
خاتوو (Lene Estersen) وەزیری دادی دانمارك، کە بانگ کرابوو بۆ پەرلەمان ووتی : پۆلیسی هەواڵگری دانمارك بە هیچ شێوەیەك دەستی نییە لە بزر بوونی خەزرەجی، هەروەها ووتی ئێمە ئێستا بە دوای خەزرەجی دا دەگەڕێن و لە هەر شوێنێکی جیهان دەرکەوێت داوا دەکەین بیگیڕنەوە بۆمان تا بیخەینە زیندانەوە و دادگایی بکرێت.
لەو ڕووەوە سەرۆکی نوسینگەی تایبەت بە کاروباری سزای نێودەوڵەتی لە دانمارك، Birgitte Vestberg، کە دۆسییەی خەرزەجی لە ئەستۆدایە، ووتی : سەرم سوڕماوە تاوەکو ئێستا نەزار خەزرەجی لە میدیادا خوی دەرنەخستووە !! لەو باوەڕەدام دووبارە خۆی دەرخاتەوە و جێگای بزانرێت، ئەو کاتە ئامانجی ئێمە ئەوە دەبێت بە دوای بکەوین و هەوڵبدەین بیگێڕنەوە بۆ دانمارك و بیخەینە زیندانەوە، هەروەها ووتی یاداشتێکمان داوەتە پۆلیسی ئینتەرپول، بۆ ئەوەی دەستگیری بکەن و بیگێڕنەوە بۆمان، لەو ڕووەوە ئاگاداری عەرەبستانی سعودیەمان کردووە و گەر خەزرەجی لەوێبێت، لەو باوەڕەداین هاوکاریمان بکەن.
هەڵبەتە لە چوارچێوەیی ئەوەدا کە حکومەتی دانمارك بڕیاری داوە پڕۆسەی دادگایی کردنی خەزرەجی بەردەوام بێت، ئەمڕۆ ٢٠٠٣\٣\٢٥ لە دادگایی شاری سوغو (Soro) بڕیار درا چوار هەفتەی دیکە زیندانی بۆ نەزار خەزرەجی نوێ بکرێتەوە و بڕیار درا، لە هەر کوێیەك سەرهەڵبدات داوای بکەن و بگێڕنەوە بۆ دانمارك و بخرێتە زیندانەوە تا لە دادگای باڵای وڵات دادگایی بکرێت، ئەوەی پێویستە لەو ڕووەوە بوترێت پێشتر لە دادگا بڕیار درابوو، نەزار لە ماڵی خۆیدا دەست بە سەربێت، بەڵام بە پێی ئەم بڕیارە نوێیەی دادگا هەر کاتێك نەزار دەستگیر بکرێت دەخرێتە زیندانەوە.